# دادوەری ئینتیقالی و
# دبلۆماسیەتی کورد و مافی مرۆڤ

**سەروتار:**

سەرنووسەر
**د. شوان محمد عزیز***



ئێمە لە وڵاتێکی ئاڵۆز دەژین و دوای روخانی رژێمی سەدام حسین-یش هاتینە سەر وڵاتێکی وێران و رەنگە (کوردستان) سەرباری ئەو ئاڵۆزییەش هەناسەیەکی دابێ و چەند ساڵێك هەوڵیدابێ کە خۆی دروست بکات و لە زەبر و زەنگ و کێشە و هەڕەشە ناوخۆ و دەرەکییەکان—یش بێبەش نەبوە.... کە پرۆسەی ئازادی عیراقیش هاتەکایەوە و فەزایەکان بە جۆرێکی دیکە گۆڕاو پەرلەمان و حکومەتێکی فرە حیزبی لەم وڵاتە هەڵبژاێردراو کورد بوو بە چاوساغ و رێنیشاندەرێکی زیندوو بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی بەو پێیەی یەك لە پۆستە سەرەکیەکان کە بوونی بەرێز جەنابی (مام جەلال)ە بە سەرۆکی کۆمار و ژمارەیەك پۆستی کاریگەری دیکە لە حکومەت و پەرلەمان کاریگەرییەکی گرنگی هەبووە بۆ راگرتنی هەندێ یەکسانیە سیاسیەکان بە تایبەت لەو ململانێیەی کە ئەمرۆ لە گۆڕەپانی عیراقدا لە نێوانی هەردوو گروپی (سوننە و شیعە)دا هەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی پشێوی و کارەسات و ئاڵۆزی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە.

لەم ئانوساتەدا کورد و بۆتە ناوبژیوان و کۆکەرەوەی بیروراکان و لە یەکتری نزیککردنەوەیان لە یەکتری ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە رەوشی دبلۆماسیەتی کورد لە گەشەکردندایە و لە هەمووشی پەرۆشتربوو ئەو رەوشە دبلۆماسیە پاراستنی مافی مرۆڤە لە نێوانی هاووڵاتیان و هەوڵدانە بۆ بنبڕکردنی ئەو پێشێلکارییانەی کە رۆژانە دێتە کایەوە بە کوشتنی خەڵکانی پسپۆر و پزیشك و مامۆستای زانکۆ و کرێکار و کەسانی بێتاوان بەبێ هیچ هۆیەك کە ئەم پێشێلکارییانە لەگەڵ بچوکترین مافەکانی مرۆڤ یەکناگرنەوە.

دبلۆماسیەتی کورد بەوەش نەوەستاوە لەناو بەغدا و شوێنە نزیکەکانی ناوچەی (سەوز) کە ئەم دەورە بگێرێ، بەڵکو ئەم هەوڵە دێنێتە کوردستان-یش ئەوەتا لە هەنگاوێکی گرنگی (وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان)بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان ( یونامی) کۆنفرانسی (دادپەروەری ئینتیقالی) بۆ ماوەی دوو رۆژ لە هەولێر رێکخست و بانگهێشتی ژمارەیەکی زۆری پسپۆری کورد و عیراقی کرا و دوو رۆژ مشتومڕ و گفتوگۆ لەسەر مەسەلەکان کرا و لە ئەنجامیشدا چەند لیژنەیەك لە کەسانی شارەزا دروستبوو ژمارەیەك (راسپاردەی بەجێ دەرچوون) ئەرکی بەدواداچوون و جێبەجێکردنی کەوتە ئەستۆی (وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان) کە ئەمەشیان خۆی لەخۆیدا بەشداریکردنێکی ژیرانەی ئەمرۆی سیاسەتی کوردە بۆ زاڵبون بەسەر ئەم ئاسەوارە دژوارەی کە ئەمرۆ عیراق بەخۆیەوە دەیبینێ کە رەنگە ئەگەر ئەم رەوشە بەردەوام بێ کاربکاتە سەر ئاستی ئابووری و ئەمنی قەومی کوردستانیش، بۆیە وەزارەتی مافی مرۆڤ وەك ئەرکێکی مرۆڤایەتی و بەرنامەیەکی چەسپاوی خۆی کە (پاراستنی مافی مرۆڤە) بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵدەدات کە ئەم راسپاردانە بگەیەنێتە قۆناغێك هەر نەبێ ببێتە سەرەتای رێچکەیەك بۆ رزگاربوون لەم تەنگژەیەی کە بۆ چەند ساڵێك دەچێت ئەم وڵاتەی پێدا دەڕوات.